
دەزگای میدیای کەرکوک دەریدەکات
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية


# مجلة گۆڤاری T.V

ژمارە 15
تەممووز 2022



## شعراء وكتاب كركوكيون وشغفهم بهوى دراجاتهم

■ فاروق مصطفى



## زمانی کوردی چۆن زمانێکە ؟

■ ڕەفیق شوانی



## ئاشنا فەرهاد : هونەر بە کچانەوە جوانترە، بهێڵن دنیایەکی جوانتر بەڕەنگی فڵچەکانمان بنەخشێنین

# نەوتی تەقتەق یان شەمپانیای ڕەش



فەرهاد حەمزە *

کێڵگەی تەقتەق دەکەوێتە نێوان هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و کەرکوك، کەلە سالانی پەنجاکاندا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە، لە سەردەمی حکومەتی بەعسیشدا پەرەی پێدراوە و توانراوە سێ بیری تێدا هەڵبکەنن، بەدەکی جێگیری کێڵگەکە لە ٥٠٠ ملیۆن بەرمیل تێپەڕناکات، لەساڵی ٢٠٠٢ حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانیدا کە پسپۆڕ نەبوون لە بواری دەرهێنانی نەوتدا گرێبەستێکی ئیمزاکرد بۆیە نەیانتوانی بیری تر هەڵبکەنن تا ساڵی ٢٠٠٦ کە لەگەڵ دوو کۆمپانیای تری بواری نەوت بوون بە هاوبەش.

گرنگترین تایبەتمەندی لەنەوتی تەقتەقدا ئەوەیە کە سوکە و پاکە بەجۆرێك (Api) ەکەی دەگاتە (٤٨) کە ئەمەبێ وێنەیە لەنەوتی جیهاندا، جگە لەوەش هیچ ڕێژەیەك لە گۆگردی تێدا نییە، هەر ئەمە وایکردووە پسپۆڕانی نەوت بە شەمپانیای ڕەش ناوی ببەن.

قەدەری ئەم کێڵگەیە ئەوها بوو کەوتە دەست کەسانێك کەنرخی خۆیان پێنەدا ، کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم هیچیان لێ نەدەزانی، کۆمپانیا بیانیەکانیش بەدوای قازانجەوە بوون لەبەر هەڵپەی هەردوولا بۆ دەستکەوتنی پارەی زیاتر ئەم کێڵگەیان بەو دەردەبرد کە ئەمڕۆ تێیدایە.

ئەم کێڵگەیە دەبوایە لەبەر زۆری بایەخەکەی زانستیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرایە و نەهێڵدرێت دڵۆپێکی بەفیڕۆبچێت، کەچی ئەو کۆمپانیایانە و کاربەدەستانی هەرێم دەستیان کرد بە دەرهێنانێکی بێ بەزەییانەی نەوت دور لەهەموو پێوەرێکی زانستیانە، لە سەرەتادا بەتەنکەر دەیانگواستەوە بۆ پالاوگەکان، یان بە مەبەستی هەناردەکردن دەیانگەیاندە فیشخاپوور کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کارێکی نێگەتیڤانەیە، چونکە گواستنەوەی نەوتی سووك بەتەنکەر پاشان جارێکیتر بەتاڵکردنەوەی دەبێتە هۆی فەوتانی بەشێك لەتوخمە گرنگەکانی . لە ٢٠١٢/٨/٧ بەرپرسانی کێڵگەکە ڕایانگەیاند ڕۆژانە ١٠٥ هەزار بەرمیل بەرهەم دەهێنین کە ٥٠ هەزاری بەتەنکەر دەگوازرێتەوە بۆ خورمەڵەو ٣٥هەزاریشی دەنێردرێتە پالاوگەی بازیان.

لەنیسانی ساڵی ٢٠١٥دا کێڵگەکە لە لوتکەی بەرهەم هێنانیدا بوو، کە ڕۆژانە ١٤٥هەزار بەرمیل بوو، لەوەبەدوا بەهۆی سەرکەوتنی ئاوەوە رووی لەدابەزین کرد تالەڕۆژگاری ئێستاماندا لە٨ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە تێپەڕ نەکات، بۆ مێژوو دەڵێم ئەوەی دەرهەق بەم کێڵگەیە کرا تاوانێك بوو دەرهەق بە سامانی ژێر زەوی ئەم هەرێمە، چونکە هەرگیز ناکرێ لەکێڵگەیەکی ئاوا بچوك ئەو بەرهەمە زۆرەی لێدەربکرێت.

گومانی تیدا نییە لەهەموو سەردەم و شوێنێکدا خەڵکانی خەمخۆر هەیە، لەساڵی ٢٠٠٥ ئەوکاتەی (محمد بحرالعلوم) وەزیری نەوت بووچەند ئەندازیارێکی لێهاتوو ئەوانەی نرخی نەوتی تەقتەقیان دەزانی داوایان لە وەزیری ناوبراو کردکە پالاوگەیەك نزیك کێڵگەکە دابمەزرێنرێت بەجۆرێك دیزاین کرابێت کە بەنەوتی سووك کاربکات، ئەوەبوو ڕەزامەندی لەسەر درا بە تێچووی ٧٠٠ملیۆن دۆلار لەماوەی سێ ساڵدا تەواو ببێت، کەلەتوانایدا بو ڕۆژانە ٧٠هەزار بەرمیل نەوت بپاڵێوێت، هەموو بەروبومە نەوتیەکانیشی بەرهەم دەهێنا، بەڵام بە گۆڕانی وەزیر و هاتنی شەهرستانی داوایان لەهەرێم کرد هەموو پشتیوانییەکیان دەکەن بەو مەرجەی هەرێم لە بودجەی لەسەدا ١٧ی خۆی تەواوی بکات، حکومەتی هەرێمیش ئامادە نەبوو هیچ پارەیەك خەرج بکات و سەرئەنجام بە زیانی خەڵك شکایەوە، ئەگەر ئەو پالاوگەیە بنیات بنرایە ئێستا نە هەرێم وەها بێ بەنزین دەبوو نە کێڵگەکەش وەها زوو پەکی دەکەوت.

* سەرۆکی ئەندازیاران
لە کۆمپانیای نەوتی باکوور